# تەنها چارەسەر، مافی چارەی خۆنووسینه

سالار سۆفی
salarsofy@hotmail. com

به درێژایی مێژووی هاوچەرخی کوردستان، هەلومەرجێکی له باری وەکو ئەوەی ئەمڕۆ بۆ خەڵکی کوردستان هەڵنەکەوتووە، تا بتوانێت بەشداری ڕاستەوخۆ له بڕیاردانی داهاتووی سیاسی خۆیدا بکات.

پاش ڕووخانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس که یەکێك له دیکتاتۆرترین ڕژێمەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بوو، زەمینەیەکی زۆر لەبار بۆ خەڵکی کوردستان هەڵکەوتووە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، که ڕەنگە به لەدەستدانی، گەورەترین زەبر له خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بدرێت.

عێراقی ئەمڕۆ تووشی پاشاگەردانییەکی ئەوتۆ بووە که نەك تەنها هیچ لایەنێکی سیاسی بەڵکو تەنانەت سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی به تەنها کۆنترۆڵیان پێ ناکرێت.

ئەمڕۆ هێزە سیاسییەکانی ناوەڕاست وخواروی عێراق بەسەر دەیان حیزب و ڕێکخراو و دەستەی بچووك و ناجەماوەری و کەمکاریگەر لەسەر ژیانی عێراقییەکاندا دابەش بوونە .هەمووومان دەزانین که گەلێك لەو حیزب و ڕێکخراوانەی له (ئەنجومەنی دەسەڵات) دا نوێنەریان هەیه و تەنانەت له کەسایەتییە (ناوادرکراوەکانیشن) له ڕاستیدا خاوەن جەماوەرییەکی ئەوتۆ نین که شایانی باس بێت، بەڵام ئەمڕۆ، ئەمریکا دەیەوێت هەرچی لایەنی زیاتر و جۆراوجۆرترە بەشداری له گەمە دیموکراتییەکەیدا بکەن و باشترین سیناریۆشی بۆ ئامادە بکات. ئەو لایەنانەی که فراوانترین بنکەی جەماوەرییان هەیە، لایەنە ئیسلامییە شیعەکانن، ئەمانیش به ڕۆڵی خۆیان بەسەر چەند کەسایەتی و لایەن و پارت و سەرچاوەیەکی ئایینیدا دابەش بوونە و کێشەی ناوخۆی قووڵیشیان هەیە.

ئەوانەی لەم نێوەدا وەك بەهێزترین و ڕێکخراوترین هێز و لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی (عێراقی) دەردەکەون و فراوانترین بنکەی جەماوەریشیان له ناوەوەی وڵاتدا هەیە، پارتە کوردییەکانن.

ئەمە ڕاستییەکە بۆ هەر چاودێرێك و تەنانەت هەر کەسێکی نیمچە شارەزاش له نەخشەی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدا ئاشکرایە.

دیارە لێرەدا مەبەست هەڵسەنگاندنی پارت و لایەنەکان نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ڕیالیستیانەی هاوکێشە سیاسییەکانە.

کەواتە کاریگەریی خەڵکی کوردستان لەسەر داهاتووی عێراق، چ وەك هاوبەشیی ئامانجەکانی جەماوەر و چ وەك دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکان، لەگەڵ هەموو ناکۆکی و شەڕە ناوخۆییە کۆنەپەرستانەکانیان، به چەند قۆناغ کەوتووەتە پێش ناوەڕست و خوارووی عێراقەوە. بەم پێیەش، ئەگەر پارتە کوردییەکان بیانەوێت و مەبەستیان بێت، دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر و بگرە سەرەکیشیان هەبێت له دیاریکردن و بڕیاردان له نەخشەی سیاسی داهاتووی عێراق و کوردستان.

عێراقی ئەمڕۆ عێراقێکی بێسەروبەر و به کردەوە هەڵوەشاوەیە. دەسەڵاتێکی ناوەندیی عیراقیی بەهێز له بەغدای پایتەختدا بوونی نییە، له بەرامبەریشدا دەسەڵاتی پارت و لایەنە کوردییەکان له فراوانبووندایە و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. له هەمان کاتیشدا خەڵکی کوردستان مۆتەکەی بەعسیزمی سەر سینگیان لاچووە و نایانەوێت جارێکی تر، له ژێر هەر ناو و نیشانێکدا بێت، دەسەڵاتی فاشیستەکان ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆڤایەتییان پێشێل بکات.

له هەلومەرجێکی لەم شێوەیەدا و له کاتێکدا هێزە عێراقییەکان سەرقاڵی دەیان کێشەی ناوخۆ و شەڕی دەسەڵاتن له ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا، پێش ئەوەی دەنگەکانیان یەکبخەن له دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، هەنگاونان بەرەو بڕیاردانی ماف چارەی خۆنووسین، نەك هەر کارێکی مەحاڵ نییە و بابەتییانەیە، بەڵکو ئەرکێکی هەر ئێستای خەڵکی کوردستانە، به گشت چین و توێژەکانیەوە، به گشت پارت و لایەن و ڕێکخراوەکانییەوە.

تەنها ڕێگایەك كە بتوانێت مافەكانی گەلی كوردستان دابین بكات، بڕیاری ئازادانەی خەڵكی كوردستانە لە دیاریكردنی چارەنووسی خۆی و ڕاگەیاندنی وڵاتی سەربەخۆی خۆی.

فینلەند

2003 .8 .4

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.